کوردستان ... لەناوبردنی پێنج هەزار مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگیی

ئەمڕۆ دووشەممە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر لەناوبردنی زیاتر لە پێنج هەزار مین و پاشماوەی جەنگییان راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر، ڕایگەیاند: پێنج هەزار مینی دژەکەسیی جۆراوجۆر و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی وەک گولـــەی تۆپ و هاوەن و ڕۆکێتی بچووک و گولـــەی قازیفە و نارنجۆک و گولـــەی دۆشکە و کلاشینکۆف، لەلایەن تیمی لەناوبردن، لە چاڵی لەناوبردن لەسەر چیای بەردەبوکی سنوری ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چۆمان، بە شێوازی کۆنترۆڵکراو و سەلامەت، لەناوبراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت: پلانی ئەوە هەیە ڕۆژانی داهاتوو بە چەند قۆناغێک ژمارەیەکی زیاتری تەقەمەنی کە لە شوێنی جیاجیا لە سنوری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کۆکراونەتەوە، لە هەمان شوێن لەناوببرێن.